## قەدەغەکردنی پارتی کاری سەربەخۆی کوردستان

## بەردەوامبوونی پرۆسەی زەوتکردنی ئازادییە

ئیبراهیم فەتاح

ئـازادی چـەمکێکە نە خۆی بەئاسانی پێناسەدەکرێت و نەهیچ چەمکێکیش بە بێ بوونی ئەو پێ دەنێتە سەر زەمینـەی پـیادەبوون. . ئـازادی تەنێکـی بەرجەسـتەی بینـراو نـیە، بـەڵام لەبوونـیدا شـتەکانی تـر روونـتر و رۆشـنتردەردەکەون ودەبینـرێن. . ئـازادی پرۆسـەیەکە لەبوونـیدا، مـرۆڤـ دەتوانـێت وەك مـرۆڤـ بـژی و کـۆمەڵگایش سروشـتیانە هەنگاوبنـێت. . وەلـێ لەنەبوونیدا کۆمەڵگا دەبێتە زۆنگاو و مرۆڤیش بە دەعبایەکی بۆگەنکردووی نێو ئەو زۆنگاوە، لەگەڵیاندا هەموو شتەکانی تریش بۆگەندەکەن. . .

ئـازادی بەشـبەش ناکـرێت، پارچە و چارەك و نیوەئازادی بوونی نیە، ئازادی یان هەیە یان نیە. هەر مرۆڤ و لایـەن و کۆمەڵگایەکـیش بـە پارچەپارچـەکردنی ئازادی قایل ببێت، ئەوە بۆ خۆی قایلبوونە بە لەسێدارەدانی ئازادی و گۆڕینی کۆمەڵگا بۆ زۆنگاو و مرۆڤـ بۆ دەعبا. . .

*

قەدەغەکـردن یان راستر هەڵوەشاندنەوەی پارتی کار، بەگوێرەی ئەو بیانووانەی نیو وەزارەتەکەی هەولێر و دەزگا حیزبیەکەی پشت سەری نیازیانە ئەنجامی بدەن، نەك هەر کارێکی ناشایستە و تاوانێکە بەرامبەر مافی ئەوانـی تـر، بەڵکـو رێکوراسـت زیندووکـردنەوەی پرنسیپە بەعسییەکانە لە کۆمەڵگایەکدا کە خەڵکەکەی، نەك حیزبەکانـی، زێـتر لـە دەساڵە ئەو حیزبە و پرنسیپەکانی شاربەدەر کردووە. بەڵام لەهەمان کاتدا، لەسۆنگەی بێدەنگبوونـی پارتـی کـار ( وپارتەکانـی تـریش ) لـە پێشـێلییەکانی تـر و لـە پارچەپارچـەکردنی ئازادیـداو، هـەروەها لـە بێدەنگبوونـی نـزیکەی چوارمانگی پـێش ئەمـڕۆ لـەو بـڕیارە و، وەك دیارە، هەولی ژێرەوژێر بۆ کوژاندنەوەی دیڕەکانی ئەو بڕیارە سیاسییەی ئیمزای دەزگای یاسایی لەسەرە. . . ئاخۆ ناشێت بلێین : هەر بەڕاستی پارتی کار ( و پارتەکانی تریش ) شایستەی هەڵوەشاندنەوەن ! !

*

پارتـە بچوکەکانی ئـەو دەڤـەرە، بەهـۆی کەمی ژمارەی ئەندام و لایەنگرەوە بچوك نین، بەڵکو لەبەرئەوەیە ئـەوە خـۆیانن کـە خـۆیان بـە بچوك دەزانن و، لەسەردەمە جیاوازەکاندا تەنیا یەك کار بۆ خۆیان بە شایستە دەزانـن، ئـەویش بریتییە لە ستایشکردوون و گۆرانیووتن بەباڵای دەسەڵاتدا، ئیتر هەچ دەسەڵاتێك بێت گرنگ نیە. . .

هەمـوو پارتەکانی نێو ئەو جوگرافیا رەشە بەمین چێنراوەی ئێمە داوای ئازادی کاری حیزبایەتی دەکەن. . . کەچـی لـە رۆژانـی کارکـردنیاندا بێدەنگی لە هەموو کارێکی نارەوای دەسەڵات وحیزبی هاوپەیمانی خۆیان لە ئاسـت گروپێکـی تـردا دەکەن و ورتە لەدەمیان نایەت و، لەگەڵ دەسەڵاتیشدا، هێندەی پێیان بکرێت، هەوڵی

شاردنەوەی راستییەکان دەدەن، بەڵام کاتێك بەهەر هەوەسێك بێت لەلایەن دەسەڵات و زلحیزبەوە بەرشەقی کەنارخستن دەکەون، ئینجا بەپەلەپڕوزکێ روودەکەنە خەڵکی بەشمەینەت بۆ هاریکاریکردنیان لەدوورخستنەوەی ئەو شەقەدا. . . بەڵام کام خەڵك ؟ ئەو خەڵکەی تاوەکو ساتەوەختی پێش شەقوەشاندنەکە، هەمان حیزبی کەنارخراو لەگەڵ شەقوەشێندا هەموو شتێکیان لێدەشاردنەوە و گومڕایان دەکردن و پێکڕا هەموو شێوازێکیان بۆ شاردنەوەی راستییەکان دەگرتەبەر. . . ئەگەر کارێکی لەم چەشنەیش ببێتە هۆی کەنارخستی حیزب، ئەوا بێگومان دەڤەرەکەمان، کەلەسەر شانی ژمارەی حیزبەکان راوەستاوە. . . . بێ حیزب دەمایەوە. . . . . . . !

*

رەشی مێژووی عێراق بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی، بریتییە لە مێژووی رەشی رابردووی دەسەڵات وحیزبەکانی نێو ئەو جوگرافیایە، . . . چ کارەساتێکی دڵتەزێن، چ تۆفانێکی مەرگهێن، چ خیانەتێکی رووڕەش، چ درۆیەکی زلی مرۆ فریودەر و چ پراکتیزەیەکی نامرۆیانە لەو کۆمەڵەدا هەیە لە منداڵانی خیانەتکاری دەسەڵات وحیزبەوە نەهاتبێتەدەر ؟؟؟

*

پێش راپەڕین، حیزبەکانی کوردستان و ئەندامە دڵسۆزەکانی ئێستایان لە هەندەران سەرقاڵی کاسپیکردن بوون، کەچی کە هاتنەوە لەبری باوکێکی رەدوونراو خۆیان کردەوە بە باوکی تازەگەڕاوە، ژمارەی حیزب لە تەغار تێپەڕی کردو گەیشتنە نزیکی سەد دانەیەك، بەڵام سەیرەکە لەمەدایە، باروگوزەرانی خەڵك و چارەنووسی سیاسیان و ئازادییەك کە پێیان دەبەخشرا لە بەغداوە مۆر دەکرا، هەمووشیان پێکڕا هەموو شتێك دەڵێن بێجگە لە راستییەکان. . . بچوکوکانیشیان لەبری سروودی ئازادی راستی وتن، سروودی { ئاگرە سوورە لەخۆم دوورە }دەڵێنەوەو، بەچارەنووسی حیزبە قوتدراوەکان شاگەشکە دەبن بەوەی رەنگە دوو ئەندامیان رێگەی بنکە ناونیشان ونەکانیان بگرنەبەر. . . نازانن یان نایانەوێت بزانن دەشێت سبەینێ ئەو ئاگرە روو لە کۆشی پووشەڵانی ئەوانیش بکات. . .

*

نامەوێت پەنجە لەبرینە کێم کردووەکانی پێش راپەڕین وەربدەم، چونکە هێندە ژاراوین دەترسم پێش تەواوکردنی ئەم چەند دێڕە وەك قوربانییەکانی هەڵەبجە هەناسەم لێببڕن. . بەڵام ئاخۆ کەسێك هەیە بڵێت مەرگەساتەکانی دوای راپەڕین هیچیان لە خوێنستانەکانی پێش راپەڕین کەمتر بێت. . . ؟؟

دوای راپەڕین، لەسلێمانی، بۆ ماوەیەکی کەم حیزبێك هەبوو بەناوی ئاگرەسوورەی کوردستان( ئاسك)، ئەو حیزبە لەئێوارەیەکدا، بە قوەتی قادر، ئاگری تێبەردرا و بەیانی رۆژی دووەم ناوی نەما، ئەو هەموو حیزبانەیش کەهەبوون تەنانەت وەك رووداوی پێکدادانی نێوان دوو ئۆتۆمبیلیش ناویان نەبرد ! ، پاسۆکە حەیاتەکەی جاران و پارتی گەل و ئاڵای شۆڕش لەنێو تۆڕ و داوە جاڵجاڵۆکەییەکاندا پەڕوباڵیان هەڵپڕوزێنران و بێسەروشوێن کران. . . یەکێتی وەك خۆی ویستی لوتی ئیسلامییەکانی شکاند و مەلا عوسمانی بەڕیسوایی

خستەسەر شاشەی تەلەفزیۆن. . پارتیش هەمان شەقی لە ئیسلامیەکاندا، ئەگەرچی یەکێتی و پارتی لەو دوو جەنگە نەبەردانەیاندا هەزارەها بەڵگەی نهێنی ریسواییان چنگ کەوت و ئەگەر ئاشکرایان بکردنایە لەوانەبوو کارەساتی دێی حەمە رووی نەدایە بەلام تەنیا ئەوەیان ئاشکراکرد کە خۆیان ویستیان. . . شەڕ لەگەڵ یەکەکە و ئاشکراکردنی نهێنی دەربارەی یەکەکە پابەندبوو بە پەیوەندی هەریەك لەو دوو حیزبە بە یەکەکە خۆیەوە. . . پارێزگاران لە هەولێر کەوتنە بەر شەق و شەقەکەیش بەشەقی عەشایەری ناونرا. . . لەسەر جەنگی مێژووییانەی یەکێتی و پارتی هیچ نالێم چونکە وشەیەك نیە بارستایی کارەساتەکانی ئەو جەنگە هێشتا نەبڕاوەیە دەربڕێت. . . چەندەها کەسایەتی سیاسی و رۆشنبیری تیرۆرکران و هەزارەها مرۆڤـ بەتایبەتی ئافرەتان رۆژانە تیرۆر و ریسوادەکرێن، لەگەڵ ئەوەی حیزبەکان ناوی کەس و لایەن و ناوی پاڵپشتەکانی بکەرەکانیشیان دەزانن، کەچی لەبری پیادەکردنی پرنسیپێکی کۆمەلایەتی بەهێز بۆ بەرگرتن بەو کارانە، لەجنۆکە وخێوەکان دەپارێنەوە بۆ نەمانی ئەو رەوتارانە. . . حیزبی کۆمۆنیست تیرۆرکرا، کەچی حیزبەکان، نەك رۆشنبیرەکان، مێشیش میوانیان نەبوو. . . هەموو حیزبەکان هێندەی کاك بەختیار عەلی رۆشنبیر و نووسەر بۆچوونێکی دروستیان لەسەر ئەو کێشەیە نەبوو، کە ساڵی پار وتی ئەو حیزبەی داخرا حیزبێکی سەددەرسەد سیاسی بوو. . . ئاخر چونکە پێیان وابوو/ پێیان وایە هەتاسەر ئاگرە سوورە لەوان دوورە. . . جاکوا وەها بووایە !!. . .

*

ئەمڕۆیش هەنگاوی قەدەغەکردن و هەڵوەشاندنەوەی پارتی کار لە ئارادایە وەك دەستدرێژیکردنێکی بێوێنە لەلایەن دەسەلاتی هەولێرەوە بۆسەر ئەو پارتە. بەلام پێش باسکردنی بیانووە نابیانووەکانی پدك، جێی خۆیەتی لە پارتی کار بپرسین: ئەرێ پێش ئەم کارەساتەی خۆتان، ئێوە چ هەڵوێستێکی ئاشکرا و راشکاوتان بۆ بەرگرتن بەم لافاوی تیرۆرە حیزبیانە هەبووە ؟ من باسی راگەیاندنی رۆژنامەوانی ناکەم، مەبەستم هەڵوێستی سیاسی بێ سازشکارییە. . باس لە کەین و بەینی نێو کۆبوونەوە داخراوە بۆگەنکردووەکان ناکەم، مەبەستم هەڵخڕاندنی کاری کۆمەلایەتی رێگرە لەو پێشێلکارییانە ؟. . . ئێوە کە لە قەڵەمڕەوی هەولێردا کارتان دەکرد، کام رۆژ بزووتنەوەیەکی کۆمەلایەتی و رۆشنبیریتان دژی هەوڵی دەسەلات بۆتێکشکاندنی زمانی ستانداردی کوردی لە قوتابخانە سەرەتاییەکاندا، بەرێخست. . . ؟

*

سەیرە. کوردستان، ئەم جوگرافیا هەزارمێردییە بێخاوەنە، تازەبەتازە قسەکانی هێگڵ و مارکس دەسەلمێنێت. هێگڵ دەڵێت : مێژوو دووجار خۆی دووبارەدەکاتەوە، مارکسیش دەڵێت : بەلام هێگڵ لەبیری چووە بڵێت یەکەمجار لەشێوەیەکی تراژیدا و دووەمجار لەشێوەیەکی کۆمیدیدا. . ئەگەر هەڵەبجەی قوربانیی کیمیایی دیوە تراژیدییەکە بێت، ئەوا جەنگەکانی نێوان ینك و پدك و دێی حەمە دیوە کۆمیدییەکەن. . . داخستنی حیزبی کۆمۆنیست تراژیدیای زەوتکردنی ئازادی سیاسی و سیاسەتکردن بوو لەلایەن یەکێتییەوە،

بەلاَم قەدەغەکردن و هەلوەشاندنەوەکەی پارتی کار لەلایەن ( پدك)ەوە دیوە کۆمیدیەکەی بێئاگایی حیزبەکانی ترە لەدرێژەکێشانی هەمان رەوتار. . . .

لە هەموویشی کۆمیدی تر خودی بیانووەکانن.

بیانووەکانی پدك کە بیانوو نین، لە بیانووەکانی ینك ناقۆلاَتر و ئێسك گرانترن.

قەدەغەکردنی کاری سیاسی هیچ مانایەکی نیە بێجگەلە مانای تیرۆرکردنی ئەوانی تر. رەنگە زلحیزبەکانی لای ئێمە بیانەوێت تۆڵەی ئاسۆرەشی و شکست و ملکەچی خۆیان لەبەردەم دوژمنەکانیان و هێزە ناوچەییەکاندا لە حیزبەکانی تر بکەنەوە. هەردوولایان لافی مۆدێرنیزم لێدەدەن، کەچی داکۆکی لە دواکەوتووترین رەوتاری کۆمەلاَیەتی دەکەن و لەو پێناوەیشدا سلَ لە هیچ تیرۆرێك ناکەنەوە. .

*

بەرێز جەلال تالەبانی تائێستایش موعەمەر قەزافی سەرۆکی لیبیا بە نزیکترین دۆستی کورد لەقەلَەم دەدات، هەرلەبەرئەوەی ئەو پیاوە دەلێت کورد نەتەوەیەکن مافی جیابوونەوەیان هەیە، کەچی تەنیا بانگەوازکردن بۆ هەمان دروشم دەبێتە مایەی تەور راستکردنەوە لەئەندامانی م س حیزبی کۆمۆنیست و پێچانەوەی بارو بارگەی بنکە و رادیۆکەیان.

بەرێز مەلا مستەفای کۆچکردوویش دەلێت :من پەنا بۆ شەیتانیش دەبەم تاوەکو داوای کۆمەکی بۆ میللەتەکەم لێبکەم و بۆ ئەو مەبەستەیش پەیوەندییەکی تۆکمەی لەگەلَ ئیسرائیلدا دامەزراند و چەند ئەفسەری ئیسرائیلیشی بۆ گەلاَلە داوەت کرد، کەچی هەربەتەنیا هەولَی دروستکردنی پەیوەندی لەگەلَ ئیسرائیلدا، لەلایەن پارتی کارەوە، دەبێتە هۆیەکی گونجاو و سەددەرسەد، لای بەرێزانی کورِ و نەوە، بۆ هەلوەشاندنەوەی پارتی کار. . . . . . . .

ئەرێ خەلکینە. . . ئەوان خۆیان، بەحوکمی تەمەن درێژییان، راستییەکانیان لەبیرچووەتەوە. . . یان هەر بەئارەزوو بە خەلك رادەبوێرن. . . ؟؟

*

دەسەلاَتی تۆتالیریزمی بەتەنیا ئەو دەسەلاَتانەنین کە سوپایەکی بێشوماری خۆسەپاندن و خۆپاراستنیان هەیە، بەلکو تەواوی ئەو گروپانەیش دەگرێتەوە، کە لەبری لۆژیکی دیالۆگ و هاریکاری، متمانەدەکەنە سەر لۆژیکی هێز و زرم وەشاندنی نارەوا. لەم دەسەلاَت و هێزانەیشدا زێتر لەهەموو شتێك، حورمەتی یاسا و تەنانەت مووچەخۆرە پسپۆرەکانی بواری دادوەریش تێکدەشکێنرێت، لەلایەکەوە یاساناسان ناچاردەکەن روخساری رەوایی و یاسایی بۆ دەستی خوێناوی و مستی زرم وەشاندنیان دروست بکەن، لەلایەك تریشەوە پسپۆرانی ئەم بوارە، وەك ئەندامەکانی تری کۆمەل، لەژێر فشاری هێز و مووچەی مالَ و مندالَیاندا ناچاردەکەن تەنانەت هەستە مرۆییەکان و پسپۆرییەکەیان لەلایەن خۆیانەوە پێشل بکەن و، بەقیمەتی ئەو مووچەیە، کە کرێی رۆژانەی کارکردنی خۆیانە، بە دەسەلاَت بفرۆشنەوە یان لەلایەن دەسەلاَتەوە زەوتدەکرێت.

ئەگەر ئەو بیانووانەی بۆ هەڵوەشاندنەوەی پارتی کار بە هۆ ناونراون، تەنانەت لای خودی دادگایەکی بێلایەنیش شیاوی ئەوە بێت ئەو پارتەی لەسەر هەڵبووەشێنرێتەوە، ئەوا هێشتا خودی ئەو دادگایە ناتوانێت لەو ماوە کەمەی نێوان نوسینی سکالانامەکەی حکومەتی حیزب 10/9 و کۆتایی کانوونی یەکەمدا بڕیارێکی کۆتایی لەو بارەیەوە بدات. سەیرە. . . لەو دەڤەرەدا هەریەك لە کێشەکانی قەرزداری و زەویوزار و تەڵاقدان و پێکدادانی ئۆتۆمبیل و شەڕێکی لاکۆڵانی گەنجان و زۆر کێشەی ساکاری تر زیاتر لە شەش مانگ و ساڵ دەخایەنێت و چەند دانیشتنی دادگایی و پارێزەری بۆ ساز و ئامادەدەکرێت، کەچی هەڵوەشاندنەوەی پارتێك هەروا بەو سادە و سانایيە لەگەڵ (کن فیکون)ی حیزبدا لە چرکەیەکدا دەبێتە بڕیاری یاسایی ئیمزاکراو و، تەنانەت ماوەی بڕیاری هەڵوەشاندنەوەکە هێندەی ماوەی بڕیاری مۆڵەت پێدانی کارکردنەکەی ناخایەنێت.

*

جا ئەگەر ئەو هۆیانەی لە کوردستاندا، تائێستا، بۆ لەجووڵەخستن و هەڵوەشاندنەوە و کپکردن و زەوتکردنی مافی ئازادی سیاسی کەس و گروپەکانی تر پیادەکرێت و دادگا و دادوەرانی بەڕێزیش بە خۆیان و پسپۆڕییانەوە مۆری یاسایی لێدەدەن، بە یاساو سەروەریی یاسایی لە قەڵەم دەدرێت، ئەوا منیش لێرەدا دەسخۆشی لەیاسا و دادوەرانی بەڕێزیش دەکەم. . . بەڵام لە هەمان کاتیشدا داوایان لێدەکەم هەمان قورگ و دەستوپەنجەی مەردانەتان لەبەرامبەر گشت ئەو پارتانەدا بخەنەکار کە هەمان هۆ، بەڵام بەشێوەیەکی تۆختر و بەناوی زۆر ناقۆڵا تریشەوە، بەسەریاندا دەسەپێت. . . لەوەیش زیاتر بامافی ئەوەیشتان هەبێت هەموو ئەندامەکانیشیان لەو خاکە بێسنوورەدا سنووورداشبکەن. . . ئەوساتە بەمە ڕۆشناییەك دەخەنە دڵی ئەندامانی پارتەداخراوەکان وسەروەری بۆیاسا مسۆگەردەکەن و. . . . . هەروەها کوردستانیش وەك لەپەدەستە خاڵییەکەی خەیامی شاعیر و بیابانی گەورەی ئەفریقیا ساف و لووس دەردەکەوێت.

*

ئەدۆنیسی شاعیر، لەو زمانە عەرەبیە بەرفراوانەی زمانی ڕۆژانەیەتی، شیعرێکی دەربارەی {ڕاستی وتن } هەیە تەنیا لە شەش وشە پێکهاتووە، کە هەر شەشەکەیش بریتین لە سێ جار دووبارەکردنەوەی دوو وشە، واتە شیعرەکە تەنیا لە دوو وشە پێکهاتووە، دەڵێت :

بیڵێی دەمری ان قلتها تموت

نەیشیڵێی دەمری وان لم تقولها تموت

دەسا بیڵێ و بمره فقل و مت

بەڕێزان. . . هۆ پارتە گەورە و بچوکوکان، یاساو دادوەرانی بەڕێز. تەماشاکەرانی بێچارەی بەرێز. . . خۆ ئێمە هەر دەمرین، ئایا باشتر نیە ڕاستییەکان وەك خۆیان، بەبێ درۆی شاخدار، بدرکێنین. . .

<><><><><><><><>